# هەنگەژاڵ

# هەنگەژاڵ

چیرۆکی منداڵان

**محەمەد فەریق حەسەن**

وێنەکێش: شێروان موحسین

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق



هەموو مافێك هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی كوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیكترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspress.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

محەمەد فەریق حەسەن
هەنگەژاڵ
كتێبی ئاراس ژمارە: ١٠٩٤
چاپی یەكەم ٢٠١١
تیرێژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی كتێبخانە گشتییەكان ٧٢ – ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس ئەكرەم
رازاندنەوەی بەرگ: كارزان عەبدولحەمید
هەڵەگری: تریسكە ئەحمەد
رێنووسی یەكگرتوو: بەدران ئەحمەد حەبیب



چوار بێوڵە ورچی سپی و خڕین، دوای ڕاوڕاوێنی ئەو بەیانییە، بەنیازی حەسانەوە، لە نێو سەوزەگیای دامێنی چیادا، لاڵوپاڵ لێی کەوتبوون. خۆیان دابووە بەر تینی خۆرەتاوی مانگی گوڵان. لەو دەمەدا، هەنگێك بە گیزوهوڕ بەسەر بێوڵە ورچی چوارەمدا فڕی. هەنگی دووەمیش بە گیزوهوڕ بەسەریدا فڕی. هەنگی سێیەمیش هەر بە گیزوهوڕ بەسەریدا فڕی. گیزەگیزی مێشهەنگ سەرنجی بێوڵە ورچی ڕاکێشا. باوێشکێکی دووروودرێژی دا، خۆی کێشایەوە و ئەمجا هەڵسا. ختووکەی بێوڵە ورچی یەکەمی داو ڕای پەڕاند. ختووکەی بێوڵە ورچی دووەمی دا و ڕایپەڕاند. ختووکەی بێوڵە ورچی سێیەمیشی داو ئەویشی ڕاپەڕاند. پرسی:

«داخۆ وەك من لەم دەوروناوە، هەستی چالاکییەك دەکەم، ئێوەش هەستتان پێکردووە؟»

هەرسێکیان پێکەوە وتیان: «دنیا کشوماتە. تەنیا خۆمانین لەم دۆڵەدا چالاکی دەنوێنین. بێ خەم بە. هیچ لە گۆڕێدا نییە جێی باس بێت.»

چوارەم وتی: «خۆ من مەبەستم لە مرۆڤ نییە!»

سیانەکەی تر وتیان: «دەسا ئەوەی ئێمە لێی بترسین، تەنیا مرۆڤە!»

چوارەم وتی: «ئێوە نەختێك گوێ بگرن ورچینە؟»

یەکەم توند گوێیەکانی خۆی ڕاکێشا و وتی: «من گوێم گرتووە!»

سێیەم دوو دەنکە چوالە بادەمی خنییە گوێیەکانی و دەستی بە چاوەکانییەوە گرت و وتی: «من هەردوو گوێ و هەردوو چاویشم گرتوون. ئەمجا چی بکەین؟»

چوارەم وتی: «ورچینە من بۆنی پوورە هەنگ دەکەم!»

یەکەم وتی: «ئەمە یەکەم هەواڵی گرنگی ئەمڕۆیە!»

دووەم وتی: «ئای کە هەنگوین خۆشە خوایە گیان! زارم بۆی ئاو دەکات!»

سێیەم وتی: «لە کاری وەهادا دەستوبرد پێویستە. نەبادا گیانداری دیکە پێ بزانن و پێشمان بکەون!»

دووەم پرسی: «لە کوێیە با بەپەلە بۆی بچین؟»

چوارەم وتی: «کەواتە با سەرنجی ئاسمان بدەین. بزانین ئەم هەنگانە ڕووەو کوێ دەفڕن؟»

یەکەم: «چاوێك بکەن بە چوار!»

دووەم: «گوێ بۆ گیزەی هەنگ ڕادێرن. ئەوان گیزەشیان موزیکە!»

سێیەم: «ئەم هەلە بەفیڕۆ مەدەن. بێوڵە ورچینە!»

چوارەم «ئەوە هەنگێك، ئەوە دووان، ئەوە سیان و...»



بەسەر بەرد و بە نێو دڕك و كەندولەندا، بە غار شوێن هەنگەكان كەوتن. ئەوان نەدەوەستان، چاویشیان بڕیبووە ئاسمان. بۆیە هەڵدەنووتان، دەكەوتن و هەڵدەسانەوە.

چوارەم بەپشووی سوارەوە وتی: «خزمینە.. ئەگەر بوەستین.. هەڵەیان.. دەكەین و شوێنەكەیان نادۆزینەوە. دەبێت هەر ڕاكەین!»

لەهیكرا یەكەم وەستا. هەڵسایەوە و وەك مرۆڤ لەسەر لاقەكانی ڕاوەستا و بەهەردوو دەستان ئاماژەی كرد و وتی: «خۆیەتی.. ئەریێ وەڵڵا دۆزیمەوە! ئەوەتا، ئەوە هەنگەژاڵێكە، هۆوەتا بەو قەدپاڵە بەرزەوە!»

سیانەكەی دەیكەش وەستان. بەڵام هیندە لەپڕ وەستان، یەكی چەند تەقلەیەكیان لێ دا و بەسەر یەكتردا كەوتن. دوای كەمێك خۆیان گرتەوە و بەشوێن یەكدا لەسەر چوارپەل وەستان. ئەمجا ئەوانیش هەمان دەستوور، هەڵسانەوە سەر پاشوو. نەختێكیش ماندوو بووبوون. چنگیان كرد بە چەتری بان چاویان و بەرز دەیانڕوانی.

دووەم: «چاوم لێیە.. جا چۆن بیگەینێ؟ بەشوێنێكی زۆر ڕك و ئەستەمەوەیە!»

سێیەم: «بەداخەوە، باوەڕ ناكەم كەسمان بتوانین بۆی سەركەوین!»

یەكەم: «ئێوە سەرنج بدەن، بزانن لەسەر ئەم هەموو شوێنە خۆشەدا، لەكوێ هێلانەیان كردووە؟ توخوا ئەوە شوێنە؟»

دووەم: «ئاخر بۆ ئەوەی ئێمە نەتوانین بیگەینێ!»

ماوەیەك لە یەكودوو ڕامان. ئەمجا بەدەوری خۆیاندا كەوتنە باوەخولێ. لەپڕ چوارەمیان وەستا. ئەوانی دیكەش یەكسەر وەستان و بەسەر یەكدا كەوتن و بەپەلە هەڵسانەوە.

چوارەم وتی: «ئەریێ وەڵڵا ئیفتێكم دۆزییەوە!.. ئەگەر بێتو بەقسەم بكەن ئەوا دڵنیابن زۆر بەئاسانی دەتوانین بیگەینێ!»

چوارەم وەك مرۆڤ قنج ڕاوەستا و یەكەم چووە سەر شانی. دووەمیش چووە سەر شانی یەكەم. سێیەمیش چووە سەر شانی دووەم.. چوارەم توند هەردوو قاچی یەكەمی گرت و یەكەم توند هەردوو قاچی دووەم و دووەمیش توند هەردوو قاچی سێیەمی گرت. بەڵام هەنگەژاڵ زۆر لەوە بەرزتر بوو بتوانن بەو شێوەیە بیگەنێ. لەو دەمەدا ، كە سێیەم بەپەرۆشەوە سەرنجی زاری هەنگەژاڵەكەی دەدا و بیری لێ دەكردەوە ، چوارەم لە بنی بنەوە تەواو ماندوو بووبوو. لاقەكانی كەوتبوونە لەرزین و پشتی لە ئازاردا وەختابوو ببێ بە دوو كەرتەوە. بۆیە دوو نقورچی قایمی لە هەردوو قولەپێی بێولە ورچی یەكەم گرت.

یەكەم: بەدەمدا كەوت. تلۆر بووەوە و كردی بە بۆڵەبۆڵ.

دووەم: بەپشتدا كەوت. تلۆر بووەوە و كردی بە بۆڵەبۆڵ.



سییەم: بەسەردا کەوت. تلۆر بووەوە و کردی بە بۆڵەبۆڵ.

دوای ماوەیەك هەموو هەڵسانەوە سەر پێیان. پشوویان هاتەوە بەر. دڕك و چقڵیان لە خۆیان کردەوە.

چوارەم وتی: «ئیفتی یەکەم جارم لەسەر حیساب مەکەن. ئیفتێکی نوێی نایابم بە خەیاڵدا هاتووە. خۆم دەزانم ئەم جارەیان یەکاویەکە. بڕواتان هەبێت، ئەگەر بێتو هاوکاریی تەواومان لە نێواندا هەبێت، ئەوا دەیگەینێ!»

سیانەکەی تر وتیان: «ئامادەین بۆ ڕاپەڕاندنی ئەم ئیفتە نوێیە!»

چوارەم پێشکەوت و ئەوانی تر بەدوایدا. دارەبەنێك هەروا هەشت نۆ هەنگاوێك سەروو هەنگەژاڵەکە کەوتبوو. بێوڵە ورچەکان لە شانی چیاکەوە بۆی سەرکەوتن، تا گەیشتنە بنی.

چوارەم بە هەردوو چنگ، توند قەدی دارەبەنەکەی گرت و لاقەکانی بە قەدپاڵەکەدا شۆڕکردەوە.

سێیەم: هەردوو قولەپێی چوارەمی توند گرت و لاقەکانی بە قەدپاڵەکەدا شۆڕکردەوە.

دووەم: هەردوو قولەپێی سییەمی توند گرت و لاقەکانی بە قەدپاڵەکەدا شۆڕکردەوە.

هەرچی یەکەمیشە، بەدەستێکی قولەپێی دووەمی توند گرت و لاقەکانی بەقەدپاڵەکەدا شۆڕ کردەوە. بەوی تریش خەریك بوو کونی هەنگەژاڵەکەی گەورە دەکرد. تاکو بتوانێت هەنگوینی لێ دەربێنێت. لەو دەمەدا، کە ئەم خەریك بوو چنگی بگاتە شانەی هەنگوین، چوارەمیان هاواری لێ هەڵسا:

«برادەرینە ئاگادارتان دەکەم کەوا نێولەپەکانم ئەوندە گەرم ڕاهاتوون خەریکە بسووتێن. باڵەکانیشم هێندە ماندوو بوون، وەختە لەبن دەربێن! من لەوە زیاتر بەرگە ناگرم. بۆیە ناچارم دەبێت بۆ ماوەیەکی کورت دەست بەردەم. پشوویەك دەدەم. تفیك لەنێو لەپە گەرمەکانم دەکەم و پاشان قەدی دارەبەنەکە دەگرمەوە. تکایە ئاگاداری خۆتان بن!»

ئەوەندەی وت و لەپڕ هەردوو دەستی بەردا. ئیدی هەر چواریان بە تەپاوتل بە قەدپاڵی چیاکەدا خلۆربوونەوە. دەوەنیان شکاندەوە. بنچکیان شێلا. بەرد و گڵیان تلۆر کردەوە. بەدەم هەڵدێرانەوە دەیانبۆڵاند و هاواریان دەکرد. چنگیان لەبەرد و داری چیاکە گیر دەکرد بۆ ئەوەی خۆیان بگرنەوە. بەڵام هەوڵەکانیان بێسوود بوون. کەسیان خۆیان پێ نەگیرایەوە. دواجار، هەریەکە لەبن دەوەنێکی بنـاردا گرسایەوە. کردیان بە فیزاح و بۆڵەبۆڵ. دەنگیان لێ هەڵبڕیبوو، نەیاندەبڕییەوە.

لەناکاو ورچێکی تیسکن و سپی، نەختێك لەمان قەڵەوتر، بەغار بەدەنگیانەوە هات. بەرسینگ و سەرپشتی دەلەرینەوە. گەیشتە ئاستی بێچووە ورچەکان و هەڵسایە سەر پێیان.. بۆڵاندی.. ئەوەندە قایم بۆڵاندی، ئەشکەوتەکان دەنگیان دایەوە:



«ئەوە چیتان لێ قەوماوە بێوڵە ورچینە؟ کەمتیار پەلاماری داون؟ گورگ هەڵمەتی بۆ هێناون؟.. پڵنگ و وێزتان دیوە؟.. پێم بڵێن، تا هەر ئێستا ئەوەی خراپە پێیان بکەم و لەم دەوروناوەیان دوور بخەمەوە!»

ئەمجا دەستی دایە باڵیان. یەکەیەکە هەڵی ساندنەوە. درك و چقڵ و وردە زیخەکانی لە گیانیان دەرهێنا. پاشان چوو لە کوولەکەیەکدا ئاوی بۆ هێنان و کردیشی بەدەمیانەوە، تاکو ترسیان لەبیر بباتەوە. دوای ئەوەی هاتنەوە سەرخۆ، بەسەرهاتەکەیان بۆ گێڕایەوە. ورچەکە وتی: «ئارام بن، خەمتان نەبێت، دوای تاوێکی کورت دەگەڕێمەوە لاتان. بەنیازی دیدار.»

*

زۆری نەخایاند، ورچەکە بە سەتڵێکی گەورە و پەیژەیەکی ئەفسوونیی درێژ درێژی سەد پلەییەوە، گەڕایەوە بۆ لایان. ئەمسەری لە بناری چیا دانا و ئەوسەریشی بە زاری هەنگەژاڵەکەوە نا. بەدەم گۆرانی وتنەوە، پلە پلە بۆی سەرکەوت. بیوڵە ورچەکان دایان لە هاڕەی چەپڵەڕێزان. ئەوان لە خۆشیاندا لە جێی خۆیان هەڵدەبەزینەوە.

یەکەم: «لەوە دەچێت لە ئێمە زیرەکتر بێت!»

دووەم: «لەوانەیە وا بێت! ئەوی ڕاستی بێت من خۆم نازانم زیرەکییەکەم لە چ ئاستێکدایە!»

سێیەم: «ئاخر پێ دەچێت ئەو نزیکەی ساڵێك تەمەنی لە ئێمەمانان زیاتر بێت!»

یەکەم: «ساڵێکیش بۆ ورچ زۆرە!»

چوارەم: «بۆچی لێی نەپرسین؟»

دووەم:«کەی کاتی ئەوەیە؟ دەبوایە ئێمەش هاوکاریمان بکردایە.»

هەنگ وروژان و بەهەموو لایەکدا بڵاوبوونەوە. بەڵام ورچ بێباك بوو. بە چنگ شانەی هەنگونی لەو تلیشە چیایە دەردەهێنا و دەیکردە ناو سەتڵە مەزنەکەوە.. بێچووە ورچەکان لە ترسی هەزاران هەنگی ورووژاو نەیاندەوێرا بە پەیژە درێژەکەدا سەربکەون. ئەوان لە بناری چیاکەوە بەپەرۆشەوە سەیریان دەکرد. چاویان لە دەستی ورچە گەورەکەوە بوو.

*

زۆری نەخایاند، هەر پێنجیان لە کەناری چەمەکەی پاین، لەسەر تاشەبەردێکی گەورە کۆبوونەوە. ئەوان هەنگوینیان دەخوارد، کاتێك دیتیان ژمارەیەك ورچی گەورە گەورە بەهەڵەداوان بەرەولایان دێن. ورچە گەورەکان دەیانگرماند و دەیانبۆڵاند. یەکێکیان بەپەرۆشەوە بانگی کردن:

«ئەوە ئێوە لە کوێن وردیلەکان؟ لە کەیەکەوە لە دووتان دەگەڕێین؟ جێگە نەما نەیپشکنین!»



یەکەم: «ئەوە دایکمە لە دووم دەگەڕێت! وا دەزانێت ون بووم!»

دووەم: «ئەوەشیان دایکی منە! توخواکەی وای زانیوە شتێکم بەسەرهاتووە!»

سێیەم: «ئەوەشیان دایکی منە، لەوانەیە وای زانیبێت بچکۆلەم و ڕێ دەرنابەم!»

چوارەم: «هۆهۆ ئەوەی دوای دواوەش دایکی خۆمە. ئەوەندە بەدواما کوناوکونی کردووە توانای لێ بڕاوە!»

پێنجەم «بێوڵە ورچینە، پێ دەچێت ئەو دایکانە پێویستیان بەکۆمەکی ئێمە هەبێت!.. هەیدێ! با بەرەو ڕوویان بچین. هەنگوینی شانەتان لەبیرنەچێت، ئەوان ئێستا برسییانە!»

١٩٩٩/٦/١٢

هەنگەژاڵ: هەنگی لەکون و تلێشەبەردی چیادا هێلانەکردوو.

ئیفتێکم بەخەیاڵدا هات: فێڵێکم بەخەیاڵدا هات.

وێز: گیاندارێکی دڕندەیە، لە جۆری پڵنگە و بچووکترە.

بێوڵە ورچ: بێچووە ورچ.

پوورە هەنگ: کۆمەڵگەی هەنگ.

چوالە بادەم: دەنکە بادەمی فەریك.

دارەبەن: ئەو درەختەی قەزوان دەگرێت و بنێشتی لێ بەرهەم دێت.

دەوەن: درەختی بچووك.

هەڵسانەوە سەر پاشوو: لەسەر لاق ڕاوەستان.

لەهیکڕا: لەناکاو.

پاین: دامێن.

